حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

العدد:
التأريخ: ٢٠ / ١٠ / ٢٠٢٢

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٢٢٤٢٨٧ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

# ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢
## هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش .
بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە

**ماددەی یەکەم/**
هەموارکردنەوەی برگەی (٦،٥) لە ماددەی (یەکەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:
٥. جام ڕەش: ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە لە بنەڕەت لە کۆمپانیا بە ڕێژەی (٣٠%) و (٥٠%) و (٩٠%) ڕەشن.
٦. جام ڕەش کردن: ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە بە لەزگەی تایبەت بە ڕێژەی (٥٠%) و (٨٠%) ڕەش دەکرێن.
**ماددەی دووەم /**
هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (پێنجەم) و ئەم دەقەیەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**یەکەم/** کرێ کارگێری:
١.بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە پێی برگەی ٢/أ لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠%) ڕەش دەکەن.
٢.بڕی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە پێی برگەی ٢/ب لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠%) ڕەش دەکەن.
٣.بڕی (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە پێی برگەی ٢/أ لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠%) ڕەش دەکەن.
٤.بڕی (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە پێی برگەی ٢/ب لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠%) ڕەش دەکەن.
٥.ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بنەڕەتەوە ڕێژەی ڕەشی جامەکانیان لە نێوان (٨١% تا ٩٠%) ئەوا سەرەڕای وەرگرتنی پێبژاردنی ڕێژەی (٨٠%)ی جام ڕەشی ئەوا بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار وەکو بڕاوە (مقطوع) وەردەگیرێت.
٦.بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەرکردنی باجی ڕێگەپێدانی جام ڕەش کردنی ئۆتۆمبێل.
**دووەم/** پێبژاردنەکان:
١.بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردنی دواکەوتن لە خاوەنی ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام ڕەش کردنەوەی نوێ نەکاتەوە بۆ ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ و دوای ئەو ماوەیە مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت بە پێی ئەم ڕێنماییە.
٢.بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك کرێ کارگێری وەردەگیرێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەت جام ڕەش یان نوێ کردنەوەی مۆڵەت.
٣.بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك سزا وەردەگیرێت لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە بێ مۆڵەت یان بە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەکەی ڕەش کردبێت سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی (٣) سێ ڕۆژ و لابردنی جام ڕەشەکان یان سەرپێچییەکان.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیل: info@moi.gov.krd ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd

ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (٣٠%) بێت ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت، بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت و لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت.

٢.ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٣٠%) زیاتر و لە (٥٠%) کەمتر بێت ئەوا پێویستە ڕسوماتی (٥٠%) بدات.

٣.ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥٠%) زیاتر و لە (٨٠%) کەمتر بێت ئەوا پێویستە ڕسوماتی (٨٠%) بدات.

**چوارەم/**

بڕی ئەو پارانەی سەرەوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**پێنجەم/**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیا جامی پشتەوە و تەنشتی سەر سندوق ڕەشە بەدەرن لەم ڕێنماییانە.

**ماددەی سێ یەم/**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) و زیادکردنی بڕگەی (٣) بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢. ئەم ڕێنماییە ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی (شارستانی، بار، کرێ، پیشەسازی و کشتوکاڵ) دەگرێتەوە.

٣. باجی تایبەت بە ڕێگەپێدانی جام ڕەش کردنی ئۆتۆمبێلی دروست دەکرێت و دەدرێت بە هەر ئۆتۆمبێلێك کە مۆڵەتی جام ڕەش کردنی وەردەگیرێت.

**ماددەی چوارەم/**

١. هەڵوەشاندنەوەی بەیانی (٤٣.٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

٢. ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد

**وەزیـــری ناوخـــۆ**

وێنەیەك بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بفەرموون بو زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەڕێز ڕاوێژکار/ بفەرموون بو زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- وەزارەتی داد / ڕوژنامەی وەقائعی کوردستان/ بو بلاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە ، لەگەل ڕێزدا...
- گشت وەزارەتەکان ودەستە سەربەخۆکان / بو زانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش / بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکان / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا...
- ب.کارگێری/ بۆ زانین، لەگەل ڕێزدا...
- فەرمانگەی یاسایی / بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- خولاو..



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل:info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
26/ 10/ 2022
( Burhan )